www.kurdistannet.org
26-11-2006 7:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بزمارەکانی خالید مەجید فەرەج ... زمانی یەکگرتوو

ژمارەی عارەب زمان پتر لە دووسەد ملیون کەس ئەبێ، و دابەش بوون بەسەر لانی کەم بیست دەوڵەتی خاوەن سنوری سیاسی دیاری کراو، و ئیرادەی سەربەخۆ، و سوپا، و ئاڵا، و سروودی نیشتیمانی جیاواز، و هەر گەلەش لەهجەیەکی تەواو جیاوازی لەوی تریان هەیە، کە لەژیانی ڕۆژانەیانا بەکاری دێنێ، بەلاّم لەبەر هەستە نەتەوایەتیەکە کەلای نوخبە ڕۆشنبیرو تویژە سیاسیەکەی ئەوان کامڵ بووە، هەموو ڕێککەوتون کە زمانی سیاسەت و خوێندن و ڕۆشنبیریان بە یەک لەهجە بێت، کە ئەویش یەکێکە لە لەهجەکانی خێڵی قورەیش، کە کاتی خۆی قورئانی پێهاتۆتە خوارەوە. ئەوەی عارەبێکی میسری بە مۆریتانیەک و عێراقیەکەوە ئەبەستێتەوە لێکیان حاڵی ئەکات ئەوزمانە ستانداردەیە کە هەردووکیان ئەیزانن، ئەوەشی ئەو لەهجەیەی بەسەر ئەو دووسەد ملیونەدا سەپاندووە، هەر ئەو فاکتەرە ئاینیەکە نیە کە هەندێک وای بۆ ئەچن، و ئەڵێن پیرۆزی کردووە، بەڵکو ئیرادەی سیاسی دەسەلاّتدارانی ئەو دەوڵەتانەیە کەنەیان هێشتووە دەمار گیری ببێتە هۆی پاشاگەردانی و دواتر هەر ووڵاتە لەژێر کاریگەری و فشاری خەڵکەکەیا لەهجەی خۆی بکاتە زمانی ڕەسمی دەوڵەت. لەبەرانبەر ئەوە ئێمەی کورد کە تەنها لەباشوردا جۆرە ئازادیەکمان هەیە، و ئەگەر زۆر خاتری خۆشمان بگرین ژمارەمان لەو بەشەیا لە هەشت ملیون تێپەڕ ناکا، ئەبینین کاکی هەورامی وبادینی قایل نین لەهجەی سۆرانی وەکو زمانێکی ڕەسمی خوێندن و نووسین و بەڕێوەبەرایەتی لەهەرێمی کوردستانا بڕیاری لەسەر بدرێ، ئەمە لەکاتێکا کە ئەو پەسەندکردنە هەروا لە هەواوە نەهاتبێ، یان زادەی حەزو ئارەزوویەک نەبێ کە ئەمڕۆ بە سودفە سەری دەرهێنابێ، بەڵکو پابەند بێ بەکۆمەڵێک پێشینەی مەنتیقیەوە لەوانە مێژوویی، فەرهەنگی، زووتر فێربوونی، دەوڵەمەندی و توانای بوونی بە زمانێکی دامەزراوەوەیی (موئەسەساتی)، هەروەها زمانی ئەدەبیاتی هەموو بزووتنەوە سیاسیەکانی ئەوبەشە، و هەتا بەشی ڕۆهەلاّتی کوردستانیش بووە، لانی کەم لە شۆڕشی شێخی نەمرەوە تاوەکو ئێستا، ئەویش لەبەر ئەوەی کەناوچەکانی سۆران لانکەی دروست بوونی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بوون، کە بە پێی پێوەرە زانستیە کۆمەلاّیەتی و سیاسیەکان، حیزب لەناو کۆمەڵگای تارادەیەک پێگەیشتووی شارنشینا نەبێ دروست نابێ چوونکە دژ بە ئیلتیزامی باوکایەتی و خێڵەکی وعەشایەریە، بۆیە لەهجەی ئەو ناوچانە و بەتایبەتی شارەکان پێشکەوتنی زیاتر پێوە دیارە، بە بەراورد لەگەڵ لە هەجەی ناوچە داخراوەکان. ئەو تەرحەی کە ئەڵێ با هەر ناوچەیە و بە لەهجەی خۆی بخوێنێ، بناغەی ئەو بۆچوونە پتەو ئەکا، کە ئەڵێ کوردەکان یەکەیەکی نەتەوایەتی پێک ناهێنن، دەلیلیشان ئەوەیە ئەوەتا هەندێک لەوکاکانەی کرمانجی ژورو لەگەڵ ناوچەی هەورامان، ئەڵێن خوایەکەو نابێ بەدوو لەهجەی سۆرانمان قبوڵ نیە، بەڕادەیەک یەکێک بە زمانی عارەبی ووتارێکی نووسیوە هەڕەشە ئەکا! هەموو ئەزانین ئەوەی ئەمارەتە پەرشوبلاّوەکانی ئەڵمانیای یەک خست بەهێزیی بسمارک بوو، داخۆ لای ئێمەش کاتی ئەوە نەهاتووە دەسەلاّتی سیاسی کورد بەهێزی قانون زمانی ڕەسمی کوردستان ڕاگەێنێ، چوونکە لەلای ئێمەی کورد بەداخەوە بەپێچەوانەی گەلانی ترەوە، ڕۆشبیر لەداوی سیاسیەوەیە ئەگەر وانیە دەبوو پێش سیاسیەکان نوخبە ڕۆشنبیرەکە ئەو بڕیارەی بدایە، نەک ببێتە لەمپەر لەبەردەمی ئەو بڕیارەیا، ڕەنگە لەسەرەتاوە نەختێک پرتەو بۆڵەو ناوچە گەرێتی هەبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی زۆر لەوانەی کە بەنوخبە ڕۆشنبیرەکەی کۆمەڵگای کوردەوای خۆیان ناونووسکردووە، هێشتا سنوری تەسکی ناوچەکانی خۆیان نەبەزاندووە، بەلاّم دواتر بەهۆی پێشکەوتنی ژێرخانی ئابووری و ڕاکێشانی هێڵی شەمەنەفەرو و ڕێگاو بانی مۆدێرن، و درووست بوونی پردو پەیوەنی گەرم و گوڕ و پتەو بوونی پەیوەندیە ئابوری، و کۆمەلاّیەتی، و بەرژەوەندیەکانی نێوان خەڵکانی کوردستان، کە بەهۆیەوە کەشە مەعریفیەکە

گەشەئەکا و مەودای بیر کردنەوەو ڕووبەری ڕوناکی عەقڵەکان فراوانتر ئەکا، ئەو ڕکەبەرایەتیەش نامێنێ و ئەبینین بەکاتێکی کەم هەموو هەم لێی ڕادێین، هەمیش پێمان خۆشە پێمان بڵێن کاکە دەرەقەتی نایەن سۆرانیەکەی، بڵێم (زمانە ستانداردەکەی) بەقووەتە.